# خانمانی کوردستان بە دەگمەن ڕوو لە کاری بازرگانی دەکەن



زۆر جار دەگوترێ خانمانی کوردستان تەنیا لە کاری کابانی و پەروەردە و خێزانداریدا متمانەی تەواویان بە خۆیان هەیە، ئەو هۆکارەش وایکردووە، کەمتر خۆیان لە قەرەی کاری بازرگانی بدەن. مامۆستایەکی زانکۆ ڕایوایە ئەوە تەنیا شتێکی بۆماوەییە کە بۆیان ماوەتەوە و پەیوەندی بە سرووشتی خودی ئافرەتانەوە نییە، چونکە لە وڵاتانی پێشکەوتوو پێچەوانەکەی دەبینین، چالاکێکی کۆمەڵی مەدەنییش جەخت لەوە دەکاتەوە کە زۆر پێویستە ئافرەت توانا و وزەی شاراوەی لەناو ناخی خۆیدا بدۆزێتەوە و کاری پێ بکات، بێ ئەوە لە هەستی ژنایەتییەکەی کەم ببێتەوە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر تاوتوێی ئەو پرسە گرینگە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

«مـن لـە هەمـوو کارێکـدا متمانـەم بـە خـۆم و بـە سـەرکەوتنەکانم هەیـە، کـە لـە ماڵـەوە دروومـان دەکـەم و نـان و کولیچـە بـۆ کڕیارەکانـم دروست دەکـەم، مانـای ئەوەی نییە ناتوانم کاری بازرگانی و کڕیـن و فرۆشتن بکـەم، بـەڵام بـە حوکمـی ئـەوەی دوای ڕۆیشـتنی هاوسـەرەکەم بـۆ منداڵەکانـم دایـك و باوکیـش بـووم، بۆیـە هەمیشـە هەوڵمـداوە زیاتـر ئـەو کارانـە بکـەم کـە لـە ماڵـەوە ئەنجـام دەدرێـن، بـۆ ئـەوەی کاتـی زیاتـرم هەبێـت، تـا لەگـەڵ منداڵەکانـم بمێنمـەوە، قـەدەر باوکـی لـێ سـەندوون، ناکرێ منیـش بـە هـۆی کارەوە لـە نـازی دایکایەتـی بێبەشـیان بکـەم.»

ئەوە قسـەی شـادان ئەمیر بـوو. ئـەو خاتوونـە ئافرەتێکـی تەمـەن ٤٠ سـاڵان و دایکـی سـێ منداڵـە، وەك خـۆی باسـی کـرد، باوکـی منداڵەکانـی لـە ژیانـدا نەمـاوە و خـۆی بـە ئارەقـەی ناوچەوانـی بژێـوی ژیانیـان دابیـن دەکات. شـادان هێمـا بـۆ ئـەوەش دەکات کـە «کاری بازرگانـی سـەرمایەی زۆری پێویسـتە، ئـەوەی سـامانی زۆر بێـت، چ پیـاو بێـت، چ ئافـرەت، دەتوانێـت کاری گـەورە و بازەرگانـی بـکات.»

بەهـزاد تاهیـر مامۆسـتای زانکـۆ و قۆتابـی دکتۆرایـە لـە کارگێڕیـی داهێنـان و سـەبارەت بـە هەمـان پـرس دەڵێـت: «بـە بـڕوای مـن مێشـکی ئافرەتـان خاوەنـی وەڵامدانـەوەی زیاتـرە و توانـای دروستکردنی پەیوەندیشـی زیاتـرە و کاریگەریشـی زیاتـرە لـە پیـاوان، بەتایبەتـی کـە ئافرەتـان دەتوانـن لـە یـەك کاتـدا چەندیـن کار ڕاپەڕێنـن، چ لـە کاری ناومـاڵ، بێـت یـان دەرەوە. خوێندنـەوە و ئەزموونـی خەڵـك لـە وڵاتانـی پێشـکەوتووی وەك ئەورووپـا و ئەمریـکا پێمـان دەڵێـت، ئافرەتـان هیچیـان کەمتـر نییـە لـە پیـاوان بـۆ ڕاپەڕاندنـی کاری دەرەوەی مـاڵ و تەنانـەت لـە کاری بزنێـس و بازرگانـی و سیاسـەت و هـەر بوارێکـی دیکـە، بـەڵام لـە وڵاتـی ئێمـە و ئـەو وڵاتـە موسـڵمانانەی کـە ئافـرەت بـە بـێ توانـا وەسـف دەکـەن لـە کاروبـاری دەرەوە و تەنیـا کاری ماڵەوەیـان پـێ شایسـتە دەبینـن، هۆکارەکـەی ئەوەیـە کـە ژن هـەر لـە منداڵییـەوە وا پـەروەردە کـراوە و وای پـێ گوتـراوە و خۆیشـی وای بینیـوە کـە کاری ئافرەتـان تەنیـا بریتییـە لـە کارکـردن لـە ماڵـەوە و کارکردنـی دەرەوە بـۆ ئـەوان نابێـت. بۆیـە ئەمـە تەنیـا شـتێکی بۆماوەییـە کـە بۆیـان ماوەتـەوە و پەیوەنـدی بـە سرووشـتی خۆیانـەوە نییـە، چونکـە لـە وڵاتانـی دیکـە ئێمـە پێچەوانەکـەی دەبینیـن، کۆمەڵێـك هـۆکاری دیکـەش هـەن، لەوانـە نەرمـی و ناسـکیی ئافرەتـان کـە بەربەسـتە لـە هەمبـەر هەنـدێ کاری قورسـی دەرەوە کـە جەسـتەی پیـاو بەرگـەی زیاتـرە، هەروەهـا مانـەوەی ئافـرەت لـە ماڵـەوە زیاتـر بـۆ بەخێوکردنـی منـداڵ لـە بـەر هەسـت و سـۆزی زیاتـری بـۆ منداڵەکانـی ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی بـە تێپەڕبوونـی کات خـوو بگـرن بـە کارکردنـی ماڵـەوە و لێهاتوویـی تـەواو پەیـدا بکـەن و تەنانـەت ڕێژەیەکـی زۆریـان وایـان لـێ دێـت کـە حەزیـان ناچێتـە کارکـردن لـە دەرەوەی مـاڵ و پێیـان خۆشـە تەنیـا لـە مـاڵ بمێننـەوە. هۆکارێکـی دیکـە بریتییـە لـەوەی کـە ئافرەتـان کەمتـر خوێندنـی قوتابخانـە و زانکۆیـی تـەواو دەکـەن، ئەمـەش فاکتەرێکـی بەهێـزە بـۆ ئـەوەی کەمتـر لـە دەرەوە کاریـان دەسـت بکەوێـت و ئاشـنا نەبـن بـە جیهانـی دەرەوەی ماڵەکانیـان و هـەوڵ بـدەن کـە خۆیـان لەگـەڵ ژیانـی ناومـاڵ و فێربونـی خەیاتـی و چێشـتلێنان و کاری ڕۆژانـەی ماڵـەوە بگونجێنـن.»

گوڵاڵـە پشـدەری چالاکـی کۆمەڵـی مەدەنییـە و هێمـا بـۆ ئـەوە دەکات کـە «لەوانەیـە هەوڵەکانـی گەیشـتن بـە یەکسـانی لـە نێـوان پیـاو و ژن لـە ترۆپکـدا بـێ و سـەرکەوتوو بووبێـت، بـەڵام هێشـتا ئـەو جیاوازییـە بەتایبەتـی لـە گۆڕەپانـی کاروپیشـەدا لـە نێـوان پیـاو و ژنـدا و لـە هەمـوو جیهانـدا بـە زەقـی دیـارە، ئەویـش بـە هـۆی چەنـد خاڵـەوە ژنـان کەمتـر هەمبـەر پیـاوان لـەو گۆڕەپانـەی کـاردا دەردەکـەون و هەروەهـا جیاوازیـش هەیـە لـە نێـوان دەرامەتـی ئابوورییانـدا و ئـەوەش کەلێنێکـی گەورەیـە. هەرچەنـدە حاڵـی ئیسـتای ژنـی سـەردەم جیـاوازە لـە حاڵـی ژنـی کاتـی ڕابـردوو، خانمانێـك هـەن کاریزمـا و خـاوەن بڕوانامـەن، بـەڵام هیـچ وەخـت لـە بوارێکـدا کـە یەکسـان بـن لەگـەڵ پیـاوان، نایانبینیـن.»

هـاوکات دەڵێـت: «ڕێژەی داهاتـی ئابووریـی ژن و پیـاو زۆر جیـاوازە و کەلێنێکـی گـەورەی هەیـە و ژن بـە بـەراورد لەگـەڵ پیـاو کەمتـر لـە ئابووریـدا لەسـەر پێـی خۆیەتـی و وابەسـتەیە بـە پیـاو. چەمکـی کەلتووریـش بـە بەربەسـتێك دەبینرێـت بـۆ گەیشـتنی ژنـان بـە کاری بـاڵا و پۆسـتی ئاسـت بـەرز. لـە لایەکـی دیکـەوە دەسـتەواژەی (ژنـی دەمـەوەر، ژنـی بـێ شـەرم، ژنـی لاسـار و سـەرکێش، ژنـی بەرهەڵـدا و.. هتـد) ئەوانـە کراونەتـە ئەتیکێتێـك و بـە نێوچاوانـی ژنانێکیـەوە دەنێـن کـە کار بـۆ سـەرکەوتن دەکـەن.» گوتیشـی: بـە بـڕوای مـن ژنێـك کـە کەمتـر بـڕوای بـە خـۆی هەبێـت و متمانـەی بـە وزەی شـاراوەی خـۆی نەبێـت و بەکاری نەهێنێـت، زووتـر بـەو بەربەسـتانە دەڕووخـێ و لـە ئەنجامـی بەدەستهێنانـی ئامانجەکانـی دوور دەکەوێتـەوە و هـەر هەمـان پیشـەی تەنیـا چێشـتخانەکە و ماڵـداری هەڵدەبژێرێـت. لـە کاتێکـدا ئـەوەش تەنیـا پیشـەی ژن نییـە و نەبەسـتراوەتەوە بـە ژنـەوە، بـەڵام ژن ئـەوەی کـردووە بـە موڵـك و ئەرکـی خـۆی.

ژن جیـاواز بـووە و بـە جیاوازیـش دەمێنێتـەوە، ژن چ لـە کوردسـتاندا و لەنـاو کۆمەڵگـەی کوردەواریـدا و چ لـە ئەورووپـادا بـە کەمێـك جیاوازییـەوە هـەر ژنـە، بـە جۆرەکانیـەوە. بـەڵام ئـەو خاڵـە گرینگـە کـە ژن خـۆی بناسـێ و توانـا و وزەی شـاراوەی خـۆی بدۆزێتـەوە و کاری پـێ بـکات، بـێ ئـەوە لـە هەسـتی ژنانەیـی کـەم ببێتـەوە، چونکـە بـە دیـدی مـن ‹ژن بـە ژنانەیی›جوانتـرە.»

**کە لە ماڵەوە دروومان دەکەم و نان و کولیچە بۆ کڕیارەکانم دروست دەکەم، مانای ئەوەی نییە ناتوانم کاری بازرگانی و کڕین و فرۆشتن بکەم**

**مێشکی ئافرەتان خاوەنی وەڵامدانەوەی زیاترە و توانای دروستکردنی پەیوەندیشی زیاترە و کاریگەریشی زیاترە لە پیاوان**

**دەستەواژەی (ژنی دەمەوەر، ژنی بێ شەرم، ژنی لاسار و سەرکێش، ژنی بەرهەڵدا و.. هتد) ئەوانە کراونەتە ئەتیکێتێک و بە نێوچاوانی ژنانێکیەوە دەنێن کە کار بۆ سەرکەوتن دەکەن**

**ژنێک کە کەمتر بڕوای بە خۆی هەبێت و متمانەی بە وزەی شاراوەی خۆی نەبێت و بەکاری نەهێنێت، زووتر بەو بەربەستانە دەڕووخێ**

گەلاوێژ عەبدوڵا:

# ویستم جگە لە دابینکردنی داهاتی خۆم، هەلی کار بۆ چەندین ئافرەتی دیکە بڕەخسێنم

**سەرچاوەی داهات بۆ دابینکردنی بژێویی خێزان(بە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتەوە)، لە سەرەکیترین پێداویستییەکانی ژیانی تاکە و لەو بوارەشدا ئەگەر پیاوان پشکی شێریان بەرکەوتووە، ئەوا ئافرەتانیش بە ڕێژەیەکی زۆر شانیان داوەتە بەر کاری دەرەوەی ماڵ و بوونەتە خاوەن ئابووریی سەربەخۆ و ژمارەی ئەو ئافرەتانەش کە لە کەرتی تایبەتدا کار دەکەن، یان بە جۆرێک لە جۆرەکان تێکەڵ بە بازاڕی کار بوون، کەم نییە. یەکێک لەو ئافرەتە سەرکەوتووانەش باسی دۆخی کار و ژیانی خۆی بۆ گۆڤاری گوڵان دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

گەلاوێژ عەبدوڵا، ئافرەتێکی تەمەن مامناوەندە و چێشتخانەیەکی لە شاری سلێمانی کردۆتەوە و هەموو جۆرە خواردنێکی خۆماڵی پێشکەش بە کڕیارەکانی دەکات. کاتێك پرسیاری لێ دەکەین: چۆن بوو بەمجۆرە تێکەڵ بە بازاڕی کار بوویت و ئەو بیرۆکەیە چۆن لای تۆ دروست بوو؟ بەمجۆرە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە: «وەك هەموومان دەزانین، کچان هەر لە تەمەنی منداڵییەوە حەز بە ماڵە باجێنە و یاریکردن و دروومان و چێشتلێنان دەکەن، ئێمەی ژنانیش زۆربەمان بەو قوناغەدا تێپەڕیوین، هەر بۆیە ڕەگەزی مێ زۆربەیان خاوەن بیرۆکە و داهێنانن. ئافرەتان سەرەڕای ئەوەی هەموو ئەرکەکانی ناوماڵ و پەروەردەی منداڵیان گرتۆتە ئەستۆ، هەمیشە ڕۆحی هاکارییان هەیە بەرانبەر بە هاوسەرەکانیان، هەروەها خزمەتی کەسانی نزیکی خانەوادەکانیشیان دەکەن وەکو خەسوو، خەزوور و کەسوکاری خۆیان و هاوسەریان، زۆربەمان لە دێرزەمانەوە لە شار و لادێ ئافرەتانمان بینیوە، کە شان بە شانی پیاوەکان کاریان کردووە، ئافرەتان نارەحەتییەکان و کۆسپەکانی ژیانیان بەزاندووە و ڕێگایان گرتووە لە بیرتەسکی و ئەو بۆچوونە نارەوایەی کۆمەڵگە، کە هەموو کات بە چاوی کەم و وەك کەسی بێدەسەڵات و زەعیف سەیری ژنانیان کردووە. من وەکو خۆم کاری بازرگانی دەکەم. ئەو بیرۆکەیەشم دوو هۆکاری هەیە، یەکەم: بڕوام وا بووە کە پێویستە بیسەلمێنم ئافرەتانیش ئادەمیزادێکی زیندووی بەهێز و بەتوانان و هیچیان لە پیاوان کەمتر نییە، وەك دەبینین ئافرەتانی جیهان بەگشتی هەموو کارێکی وەستایی و کرێکاری دەکەن، شەونخوونی دەکێشن، هەتا خاوەن ئابووریی خۆیان بن. دووەم هۆکار ئەوە بوو، ویستم جگە لە دابینکردنی داهاتی خۆم، هەلی کار بۆ چەندین ئافرەتی

**ئافرەتانی جیهان بەگشتی هەموو کارێکی وەستایی و کرێکاری دەکەن، شەونخوونی دەکێشن، هەتا خاوەن ئابووریی خۆیان بن**

**پێویستە ئافرەتان زیاتر لە پێویست و لەو دیوی سنووری هێزی خۆیانەوە بیر بکەنەوە بۆ ئەوەی وجوودی خۆیان بسەلمێنن**



شارەکەم بڕەخسێنم، تا لە بیرۆکە و پڕۆژەکانم سوودمەند بن. بۆیە بە زووترین کات بڕیاری جێبەجێکردنی پڕۆژەکانم دا.» هاوکات دەڵێت: «ئەو هۆکارانەی باسمان کرد، کاریگەریی زۆریان هەیە بۆ ئەوەی ئافرەتان زیاتر لە پێویست و لەو دیوی سنووری هێزی خۆیانەوە بیر بکەنەوە. ئافرەتان دەبێت وجوودی خۆیان بسەلمێنن، هەست بە بوونی خۆیان بکەن.»

گەلاوێژ عەبدوڵا لە درێژەی لێدوانەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «خانمان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کۆشش و هەوڵی بەرچاویان هەبووە و هەموو کات جێ دەستیان دیارە بووە، بەتایبەتی لە ئیدارەکردنی خێزان و پەروەردەی منداڵ و تەنانەت لە دابینکردنی داهات بۆ بژیویی خێزان، لە زۆر بواری دیکەش وەك بواری سیاسی و کار و تێکۆشانی حزبی و مەدەنی کاریزمایەکی دیار و بەرچاوی کۆمەڵگە بوون.

هەروەها ئافرەتانی کورد هەمیشە هەوێنی ئاشتی و لێبوردن و سەقامگیری و رەمزی قوربانیدان بۆ خانەوادە و وڵاتی خۆیان بوون.» گوتیشی: «خانمانی کورد زیاتر لە هەموو خانمانی دونیا رەنجدەرتر و ماندوویی نەناسترن، چ لە رووی ئیداری و بەڕێوبردنی کارەکانی ماڵ و خێزان و چ لە رووی کارکردن هاوشانی پیاو بۆ ئەوەی داهاتی خێزانەکەی باشتر بکات. بۆیە پێویستە خانمانی کورد لە پڕۆژە و کارە بازرگانییەکانیشدا بەشداری بکەن و لەو بوارەشدا هێز و توانای خۆیان بسەلمێنن. وەك چۆن لە بواری سیاسیدا خانمانی سیاسەتمەداری بەتوانامان زۆرە و تواناکانی خۆیان سەلماندووە. بەگشتی خانمانی کورد زۆر مەزنن و شایەنی رێز و حورمەتن و دەبێت جێگا و پلە و پایەیان بەرز بنرخێندرێن، منیش وەك ئافرەتێکی کورد هەموو کات سەربەرزم پێیان و دەستخۆشییان لێ دەکەم. «

**پێویستە خانمانی کورد لە پڕۆژە و کارە بازرگانییەکانیشدا بەشداری بکەن و لەو بوارەشدا هێز و توانای خۆیان بسەلمێنن**

**ئافرەتانی کورد هەمیشە هەوێنی ئاشتی و لێبوردن و سەقامگیری و رەمزی قوربانیدان بۆ خانەوادە و وڵاتی خۆیان بوون**

# ئافرەتی کورد لە تاراوگەش باجی پیاوسالاری دەدات

بە هۆکاری جۆراوجۆر ژمارەیەکی زۆری کوردان ئاوارە بوون و لە وڵاتانی ئەورروپی گیرساونەتەوە و تا ئێستاش لە وڵاتی دووەمیان دەژین، بەڵام ژمارەی ئەو هاوسەرانەش کە لە دوورە وڵاتی و غەریبیدا لە بری ئەوەی زیاتر هاوسۆز بن، لێك دابڕاون، یان لە یەکدی جیا بوونەتەوە، کەم نییە. یەکێك لەو ئافرەتانە کە لە هاوسەرەکەی جیا بووەتەوە، بەسەرهاتی خۆی بۆ گولان دەگێڕێتەوە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە هاوسەرەکەی سەرەڕای ئەوەی خۆی خیانەتی لێ کردووە، کەچی بە پێچەوانەوە تۆمەتی خستووەتە پاڵی بۆ ئەوەی تەڵاقی بدات.

گولان: کۆمەڵایەتی



تەمەنی هێشتا ٤٠ ساڵی پڕ نەکردووەتەوە و وەك خۆی باسی کرد، دایکی پێنج منداڵە و ئێستا لەگەڵ منداڵەکانی لە شاری ستۆکهۆڵمی وڵاتی سوید دەژین. ئافرەتێکی لە سەرخۆ و هێمن دیارە و خۆی بە مینا دەناسێنێت. لە شاشەی چات نێتەوە بەسەرهاتی خۆی بەمجۆرە بۆ گوڵان دەگێڕێتەوە: «باوکی منداڵەکانم زۆر خۆش دەویست. چەندین ساڵ دووریی ئەوم تەحەمول کردووە و بە بێ مێرد وەك شێرە ژن ژیاوم. ئەو بووە پەنابەر لە وڵاتی سوید و سەرەتا من و یەك منداڵمی بەجێ هێشت و ئێمەی لەگەڵ خۆی بۆ ئەوروپا نەبرد، خۆی ماوە ماوە دەهاتەوە و مانگێك لامان دەمایەوە و دەگەڕایەوە. هەتا منداڵی سێیەمیشمان ئێمەی بۆ ئەوروپا نەبرد. دواتر کە ئێمەی هاتینە سوید، لێرەش دوو منداڵمان بوو. ئێستا پێنج منداڵمان هەیە. کاتێك هاتین بۆ ئەوروپا و بە هاوسەرەکەم شاد بووەمەوە، زۆر دڵخۆش بووم، بەڵام ئەوەش شتێکی کاتی بوو. زۆر جار نەدەهاتەوە بۆ ماڵەوە، زۆر متمانەم پێی هەبوو. هەرگیز دڵم لێی پیس نەدەکرد. ڕۆژێك مۆبایلەکەی لە ماڵەوە بەجێ هێشتبوو، چەند جار جەرەسی بۆهات، وەڵامم نەداوە، وتم لەوانەیە پێی ناخۆش بێ، وەڵامی تەلەفۆنی ئەو بدەمەوە. بەڵام نازانم بۆچی سەیری ناو گەلەریی وێنەکانیم کرد، سەیرم کرد، لەگەڵ ئافرەتێك وێنە و سلفییان هەیە و پێکەوە چەندین وڵات گەڕاون. لەو کاتەوە گومانم لێ کرد و زانیم بۆچی زۆر جار بە هەفتەش سەردانی ماڵەوە ناکات. دوای ئەوە بۆ ماوەیەکی کورت بە خۆشی و تەبایی پێکەوە ژیاین، من ئەو پەیوەندییەی هاوسەرەکەم لەگەڵ ژنی دیکە ئاشکرا نەکرد و نە لای خۆی و نە لای منداڵەکان باسم نەکرد. وتم با سۆزی زیاتری پێ ببەخشم، لەوانەیە پەشیمان ببێتەوە، بەڵام ئەو ئیستغلالی ئەوەی دەکرد و هەتا دەهات هەڵسوکەوتی لەگەڵ خۆم و تەنانەت منداڵەکانیشمان خراپتر دەبوو. هەمیشە بیانووی دەهێنایەوە بۆ ئەوەی بیکاتە ناخۆشی و لێمان دوور بێت، من زۆر باوەڕم بە هاوسەرەکەم هەبوو، زۆرم خۆش دەویست. کاتێك کە من لە غەریبی و بێکەسیدا بە دڵسۆزییەوە ماڵی خۆمم بەڕێوەدەبرد و خێزانەکەم بە گەورەترین شت لە ژیانم دانابوو، هاوسەرەکەم بە دانانی پیلانێك دوور لە هەموو بەها مرۆییەکان، خۆی دەخستە ئامێزی ئافرەتان لە بەرپرسیارێتی ماڵ و خێزانەکەی خۆی دوور دەخستەوە. سەرەڕای ئەوەی من هەر دڵنام بە جەرگمدا دەنا و خەیانەتەکانی ئەم بە ڕوویدا نەدەدایەوە، کەچی ئەو هەر خراپتر بوو. دوای دوو ساڵ تاقەتم لێ بڕا و پێمگوت، ئینکاری دەکرد. داوام لێ کرد، سەیری مۆبایلەکەی بکەین، کەچی بەر بووە گیانم و زۆری لێ دام. منیش سکاڵام لە سەر تۆمار کرد و دوای گرتن و ئازادبوونی، لە بری ئەوەی داوای لێبوردن بکات، هەرچی خراپەیە بەرامبەر بە من کردی، بە تۆمەتی ناڕەوا هەوڵی دا لای کەسوکارم ڕیسوام بکات، تۆمەتی نامووسی خستە پاڵم بۆ ئەوەی کەسوکارم بمکوژن، یان بەو پیلانە ئاسانتر من تەڵاق بدات و هەموو مافێکم بخوات. دواجار تەڵاقی دام و خۆی لە ئێمە جیا کردەوە، بەڵام هەرچی موڵك و ماڵمان لە کوردستان هەبوو، بە ناوی خوشکە تاقانەکەی کرد، بۆ ئەوەی من و منداڵەکان هیچمان بەر نەکەوێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا من هەرگیز نەمهێشت منداڵەکان لێی دابڕێن و نەیبینن. هەموو کۆتایی هەفتە دەچوونە سەردانی باوکیان و شەو لەلای دەنووستن. ئەوسا و ئێستاش تەنیا خەمم ئەوە بووە کە چۆن منداڵەکانم لە غەریبی و تەنیایی بە شێوەیەکی باش بەخێو بکەم و دواڕۆژێکی باشیان هەبێت، سوپاس بۆ خوا توانیم ئەمە بهێنمەجێ و ئێستا منداڵەکانم لە ئاستێکی بەرز دەخوێنن، خۆیشم لە خانەی بەساڵاچووان کاردەکەم و نانی شەرەف بۆ خۆم و منداڵەکان پەیدا دەکەم، ئەگەرچی لێرە ژیان زۆر سەختە و کار بە ئاسانی دەست ناکەوێت، وەك دەڵێن نان لە گەرووی نەهەنگدایە..»

**هاوسەرەکەم بە تۆمەتی ناڕەوا هەوڵی دا لای کەسوکارم ڕیسوام بکات، تۆمەتی نامووسی خستە پاڵم بۆ ئەوەی کەسوکارم بمکوژن**

**هەرچی موڵك و ماڵمان لە کوردستان هەبوو، بە ناوی خوشکە تاقانەکەی کرد، بۆ ئەوەی من و منداڵەکان هیچمان بەر نەکەوێت**

**تەنیا خەمم ئەوە بووە کە چۆن منداڵەکانم لە غەریبی و تەنیایی بە شێوەیەکی باش بەخێو بکەم و دواڕۆژێکی باشیان هەبێت**



# داوای دەرفەت و هەلی کار لە کەرتی گشتی و تایبەت بۆ گەنجان دەکرێت

هێمن شێخ زادە، وەك نووسەرێك هێما بۆ ئەوە دەكات كە «گەنجان یەكەمین و پێشەنگترینن لە رووی نوێگەری و پێشكەوتنی وڵات، بۆیە جیلێكی تەواو پێگەیشتووە سەرمایەی گەورەی وڵاتە و تەمەنی گەنجیش لەبارە بۆ گشت ئەرك و راسپاردەیەك، بەڵام بە هۆی بێكاری و دانەمەزراندنیان خۆری گەنجانی كوردستان لەئاوابووندایە، هەزاران دەرچووی زانكۆ و پەیمانگەكان و خاوەن بروانامەكان بێكارن و لە كەرتی گشتی و تایبەت هیچ دەرفەتێكیان بۆ نەڕەخساوە، بە هۆی بێكاری و نەبوونی پلانێكی سەركەوتووانەی حكومەت و وەزارەتی كارو پلاندانان گەنجانی كوردستان بە رێژەیەكی زۆر روو لە دەرەوەی وڵات دەكەن، ئەوەش مەترسییەكی گەورەی لە سەر دوارۆژی كوردستان هەیە.» سەبارەت بە چارەسەری ئەو گرفتەش دەڵێت: «رێكاری چارەسەری كۆچی گەنجان، تەنیا دۆزینەوەی میكانزمێكی پتەوە لە هەر دوو كەرتی گشتی و تایبەت و تێكەڵبوونیانە بە بازاڕی كار، هەروەها پێویستە رێگری لەهێنانی كرێكاری بیانی بكرێت. حكومەت پێش دەرچوونی گەنجان لە زانكۆكان پێویستە پلانێك دابڕێژێت كە هەلی كاریان بۆ بڕەخسێنێت، هەروەها دەبێت دەستی گەنج بگیرێت، بۆ ئەوەی ببنە خاوەن پڕۆژەی تایبەت بە خۆیان، هەزاران گەنجی بەتوانامان هەیە كە خاوەن بیرۆكە و پڕۆژەی جوانن، كە دەبنە سەرچاوەی هەلی كار بۆ هەزاران گەنجی دیكە، بەڵام لەبەر نەبوونی تێچووی پڕۆژەكەیان واز لە خەون و تواناكانیان دەهێنن. حكومەت جگە لە هاندانی گەنج بۆ كاركردن كەرتی تایبەت، دەبێت پڕۆژە و قەرزی بچووك و گەورە بە گەنجان بدات و پشتیوانیی پڕۆژەكانیان لە گشت بوارەكانی وەبەرهێنان بكات. گەنجان بە داهێنان و بیرۆكەی نوێ دەتوانن كارگە و كۆمپانیای جۆراوجۆر لە بواری كشتوكاڵ و گەشتوگوزار و بازرگانی دامەزرێنن. بەڵام ئەو كارانە بە بێ پشتیوانیی دارایی و ماددی ناكرێن. ئەو گەنجانەی كە لە وڵاتە پێشكەوتووەكان خاوەنی پرۆژەی خۆیانن، پێویستە هەوڵی گەڕانەوەیان بدرێت بۆ كوردستان و پشتیوانی بكرێن و پڕۆژەكەیان بخرێتە خزمەتی وڵاتی خۆیان و بەوەش هەزاران دەرفەتی كار بۆ گەنجانی بێكار دەڕەخسێت.»

كەلسوم گەزنەیی توێژەری كۆمەڵایەتییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بێكاری بە هۆكاری سەرەكی دادەنرێت بۆ ئەوەی گەنج كۆچ بكات و وڵاتی خۆی بەجێ بهێڵێت، گرنگینەدان بە خزمەتگوزارییەكان و نەبوونی كارو پیشە و نەبوونی ئەمنییەتی كار بۆ گەنج، وادەكات گەنج جۆرێك تووشی بێ ئومێدی بێت.»

ئەو توێژەرە جەخت لەوە دەكاتەوە كە «گەنج توێژێكی كاریگەر و بە جووڵەن لە كۆمەڵگە و داینەمۆی

**لەم قۆناغەدا هەرێمی كوردستان سەركردە و كەسایەتیگەلێكی گەنج بەڕێوەی دەبەن، پێویستە پتر برەو بە گەنج بدرێ و سوود لە تواناكانیان وەربگیرێت**



**لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا جیلی نوێ بە داهاتووی وڵات هەژمار دەکرێن و گەنجان کۆڵەکەی وڵاتەکەن و وەبەرهێنان و بونیادناوەو لە سەر دەستی ئەوان بناغەی دادەنرێت، بەڵام کاتێك هەزاران گەنجی خاوەن بڕوانامە لە دەرفەتی هەلی کار لەکەرتی گشتی و تایبەت بێبەش دەبن، جۆرە نائومێدییەك بەرۆکیان دەگرێت، کە زۆر جار ناچاریان دەکات، وڵاتی خۆیان جێ بهێڵن و روو لە هەندەران بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی گەنجانی داهێنەر کەم نییە کە لەسەر پێی خۆیان وەستاون و تێکەڵی بازاڕی کار بوون. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لەو بارەیەوە راو سەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

گۆڕانکارییەکانن و لە وەبەرهێنان و بونیادنانندا پشکی شێریان بەر دەکەوێت، بۆیە پێویستە حکومەت بەرنامە و پلانی تۆکمەی بۆ گەنجان هەبێت و رەخساندنی هەڵی کار خەمی سەرەکیی حکومەت بێت. دەکرێت پەرە بە کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار و پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بدەن و گەنجانیش تەنیا پشت بە کەرتی گشتی نەبەستن، هەروەها پێدانی قەرز و پشتگیریی پڕۆژەی گەنجان و دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و بیمەی بێکاری هیوای زیاتر بە گەنجان دەبەخشێت.»

بەرپرسی رێکخستنی گرووپی ئاگرین، ئاوارە پاڵانی جەخت لەوە دەکاتەوە کە «گەنجان سەرمایەی وڵاتن و زۆر هەڵەیە کە گەنجانی وڵاتەکەمان رێگای کۆچکردن هەڵدەبژێرن بۆ دەرەوەی وڵات، چونکە لە کوردستانیش دەتوانن ببنە خاوەن کاری خۆیان، چ خاوەن بڕوانامە بن، یان نا، گرنگ ئەوەیە وڵاتەکەی خۆیان خۆش بوێت و خزمەتی بکەن. چونکە خزمەتکردنی وڵاتی خۆت گەورەترین شەرەفە و هیچ نەبێت خاوەن خاك و ئاڵای خۆیەتی، خاوەن بوونی خۆتی، ئەرکی حکومەتیش لەم قۆناغەدا ئەوەیە هەلی کار بۆ گەنجان بڕەخسێنێت لە کەرتی گشتی و تایبەت و نەهێشتنی دوو مووچە و چەند مووچە دەرفەتی زیاتر بە گەنج دەدات هەتا ببێتە خاوەن کار و لە بێکاری رزگاری بێت. چونکە لەسەدا چلی فەرمانبەرانی کوردستان خاوەنی دوو کارن، یان دوو مووچەیان هەیە، تەنانەت ئەگەر لە لایەکیان دەوامیش نەکەن.»

دوریا شێروانی مامۆستایە و هاوکات چالاکی مەدەنییە و رایوایە «گەنج هێز و وزە و بازووی پێشکەوتنن، نەخاسمە ببنە سەرکردە و پێشڕەو چ لە رووی هۆشیاری و چ لە رووی هێزی کارەوە لە هەر کوێیەکی دنیا بێت، وێڕای ئەوەی لەم قۆناغەدا هەرێمی کوردستان سەرکردە و کەسایەتیگەلێکی گەنج بەڕێوەی دەبەن، پێویستە پتر بڕەو بە گەنج بدرێ و سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت. سەرەتاترین کار کە پێویستە بکرێت، ئەوەیە کە هێزێکی سەربازیی پتە و تۆکمە پێك بهێندرێت لە گەنجان و دامەزراندنی گەنجانی خاوەن بڕوانامە و پسپۆڕ ببێتە خەمی سەرەکیی حکومەت و ڕۆتین و خزمایەتی و واسیتە لە پڕۆسەکانی دامەزراندن نەمێنێت، چونکە لاسەنگی لە تەرازوی هێزی کار و تواناکان دروست دەکات لە کۆمەڵگەکاندا، هەروەها هێنانی کۆمپانیای بیانی و دامەزراندنی کارگە و برەودان بە کەرتی تایبەت هاوکارێکی زۆر بەهێزی حکومەت دەبێت بۆ کەمکردنەوەی بێکاری و ڕێگریکردن لە کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات و ئومێدێکی خۆرئاسای رووناك دەداتە گەنجان.

**حکومەت جگە لە هاندانی گەنج بۆ کارکردن کەرتی تایبەت، دەبێت پڕۆژە و قەرزی بچووک و گەورە بە گەنجان بدات و پشتیوانیی پڕۆژەکانیان لە گشت بوارەکانی وەبەرهێنان بکات**